ئاو کاریگەری لێناکرێت بەهۆی لەشگرانیەوە

لە عبداللە کوری عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: یەکێک لە خێزانەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خۆی شۆرد (غوسڵی کرد) لە تەشتێکی گەورەدا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆئەوەی دەستنوێژی لێبگرێت یان خۆی پێ بشوات، (خێزانەکەی) پێی ووت: ئەی پێغەمبەری خودا، من لەشگران بووم؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئاو کاریگەری لێناکرێت بەهۆی لەشگرانیەوە (ئاو تووشی لەشگرانی -جەنابەت- نابێت)».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

یەکێک لە خێزانەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خۆی دەشۆرد بۆئەوەی لەشگرانی لەسەر خۆی لاببات، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆئەوەی دەستنوێژ بگرێت یان خۆی بشوات لە پاشماوەی ئەو ئاوەی خێزانەکەی بەکاریهێناوە -ڕەزای خوای لێبێت-، خێزانەکەی پێی ووت کە ئەو بە لەشگرانیەوە ئەو ئاوەی بەکارهێناوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی کرد بۆئەوەی کە ئاو کاریگەری لێناکرێت بەهۆی لەشگرانیەوە (ئاو تووشی لەشگرانی -جەنابەت- نابێت)، چونکە ئاو پاکە وپاککەرەوەیە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8360